# کێ لە پشتی تەقاندنەوەی کەنیسەکانی بەغدادو موسڵە؟

فاضل قەرەداغی

٢٠٠٤/٨/٢٠

مەسەلەیکی زانراوە لە مێژووی عیراقدا کە چەند کارێکی توندوتیژی دژی جوولەکە کران و ئەمە هانی جوولەکەی دا کۆچ دا بەرەو ئیسرائیل کۆچ بکەن، دواتری دەرکەوت بکەران جوولەکەی زایۆنیست بوون ئەویش بۆ ترساندنی جوولەکەی عیراق و هاندانیان بۆ کۆچکردن. ئیسرائیلیش ئەو کاتە (تا ئێستاش) لە هەوڵێکی گەرموگوڕدا بوو بۆ هێنانی جوولەکەی جیهان بۆ ئیسرائیل تا ژمارەی جوولەکە زیاد بکات و تەنانەت بەرپرسانی ئیسرائیل زۆر بە توندی هێرشیان دەکردە سەر ئەو جوولەکانەی نەیاندەویست کۆچ بکەن (ئیسرائیل زیاتر حەزی لە جوولەکەی ڕۆژئاوایی دەکرد بەڵام لە جوولەکە ڕۆژهەڵاتییەکان زیاتر عیراقییەکانی لا مەبەست بوو). تەقینەوەکانی ئەم دواییانەی عیراق ئەم مێژووەی خستەوە یاد نووسەران‌و توێژەرەوان‌و لەمەوە ئەو ئەگەرەیان خستەڕوو کە ڕەنگە ئەمە ئیشی هەندێك مەسیحیی عیراقە بۆ ئەوەی کۆمەکی زیاتریان لە ئەمەریکاو ئەوروپا دەستکەوێت‌و ناوچەیەکی جیایان بۆ دروست بکەن هەر وەکو هەرێمی کوردستان. دیاریشە کە کەسانێك هەن زۆر تەئکید لەسەر ئەم جۆرە بۆچوونانە دەکەن‌و زوڵمێکی گەورە لە ڕاستییەکان دەکەن چونکە ئەمە تەنها ئەگەرێکەو ئەگەر ڕاست دەرنەچوو دەبێتە بوختانێکی گەورە بۆ مەسیحییەکان کە ئیسلام قبووڵی ناکات وەك چۆن ئەو تەقینەوانەش قبووڵ ناکات و وەسفکردنی ئەو تەقینەوانە بە کاری ئیرهابی بچووککردنەوەی تاوانەکەیە. لەبەر ئەوەش پێویستە مرۆ ڤ زۆر وریا بێت. لەم میانەشدا ئەم چەند ئەگەرمان هەیە:

یەکەم: ئەمە ئیشی کەسانی ئیسلامییە: ڕەنگە هۆکارەکەش ئەوەیە ئەو کەنیسانە بە شوێنێکی بەمەسیحیکردن بزانن.

دووەم: ئەمە ئیشی کەسانی غەیری موسڵمان وەك ئیسرائیل ئەویش بۆ دروستکردن دوژمنایەتی لەنێوان شوێنکەوتووانی هەردوو ئاینەکە، ئەمەش باوەڕی هەندێك کەسە. هەر سەر بەم ئەگەرەش دەتوانرێت ئەمەریکا بخرێتە لیستەکە ئەو کاتەش مەبەستەکە ئەوەیە مەسیحییەکانی عیراق پەلکێش بکرێن بۆ هاوکاریکردنی ئەمەریکا.

سێیەم: ئەمە ئیشی هەندێك لە مەسیحیەکانە بۆ ئەو مەبەستەی لە سەرەوەدا باسکرا یان بۆ مەبەستێکی لەوە بچووکتر ئەویش دروستکردنی هۆکاری مەعقوول بۆ ئەوەی وەکو پەناهەندە لە ئەوروپاو ئەمەریکادا وەربگیرێن بەتایبەتی کە بارودۆخی عیراق گەشتۆتە ئەو ڕادەیە زۆر لە عیراقییەکان حەز دەکەن وڵات جێبهێڵن.

لێرەدا کارمان بە ئەگەری دووەم نییەو تەنها مەترسی لەوەدایە کارو کاردانەوە لە هەر دوو لا هەبێت، لەکۆتاییشدا مەسیحییەکان گەورەترین زەرەرمەند دەبن چونکە لەلایەك ئەوان کەمایەتین و لەلایەکی تر ئەم وەزعەی عیراق و ئەم دەسەڵاتەی ئەمکەریکا لە عیراقدا کاتییە هەر وەك چۆن داگیرکەری بەریتانی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ویستی سوود لە ئاسورییەکان وەربگرێت بەڵام لە کۆتاییدا وازی لێهێنان و خیانەتی لێکردن‌و ئەگەر لێبوردەیی خەڵکی عیراق‌و کوردستان نەبوایەو ئەگەر ئەمە لە هەر وڵاتێکی غەیرە موسڵمان بکرایە تەڕو وشك پێکەوە دەسووتێنران.

ئەرکی کەسایەتییە ئاینییەکانی هەردوو ئاینەکەشە بەر بەم کارە بگرن ئیتر ئەگەر پیلان بێت یان پیلان نەبێت. مێژووی پێکەوە ژیانی موسڵمان و مەسیحییەکان لە هەموو وڵاتە موسڵمانەکان گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مەسیحییەکان دەتوانن ژیانی ئاسایی خۆیان لەناو موسڵمانەکاندا بەرنەسەر ئەمەش بە پێچەوانەی ڕۆژئاوا کە شتێکی زانراوی مێژووەکەی

ئەوەیە کە نەك تەنها چاوپۆشیی لە ئاینەکانی تر نەکردووە بەڵکو قەسابخانەشی سازکردووە بۆ ئەو مەسیحییانەی لەسەر مەزهەبی ترن (قەلاچۆکردنی ئەلبیجینیسەکان (سەدەی ١٣)و قەسابخانەی سان بارتۆلۆمیو (١٥٧٢) دژی پرۆتستانتەکانی فەرەنسا دوو نموونەی ناسراون، نوێترین نموونەش قەسابخانەی سربە ئەرسۆدۆکسەکان بۆ کراوتە کاسۆلیکەکان.

دوو ئەگەری یەکەم و سێیەمیش دیسان جێگەی مەترسی نین چونکە هەر کامێکیان بێت کاری کەمایەتین. ئەگەر ئیسلامی بن نە ئیسلام بەو کارە تاوانبار دەبێتو نە سەرجەم موسڵمانان دەستخۆشی لەو کارە دەکەن. تەنانەت ئەگەر ڕاستیش بێت هەڵمەتی بەمەسیحی کردن هەیە ئەوا ئیسلام ڕێگە نادات بە تەقاندنەوەی کەنیسەکان چونکە یەکەم: بنەمایەکی قورئانە کە کەس لەبری کەس سزا نادرێت: **"ولاتزر وازرة وزر اخرى"**، دووەم: ئیجرائاتی کاری بەمەسیحیکردن لە وڵاتی موسڵماندا زۆر لە تەقاندنەوە دوورە. بڕوانە کە تەنانەت حکومەتی تالیبان ڕێگەی بە خۆی نەدا توندوتیژی بەرامبەر ئەو کارمەندانەی ڕێکخراوی (شێلتەر) بگرێتەبەر کە بە بڵاوکردنەوەی مەسیحییەت تاوانبار کرابوونو تەنانەت لە بەندیخانەدا مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵدا کرا. ئەگەر تەقینەوەکانیش ئیشی کەسانی مەسیحی بن دیسان جیگەی مەترسی نین چونکە دیسان ئیشی کەمایەتینو بڕوا ناکەم سەرجەم مەسیحییەکان شوێنی ئاژاوەیەکی وا بکەون.

لە کۆتایی هەموو باسێکیشدا دەبێت ئیعتراف بەوە بکەین کە چارەسەری ئەم جۆرە کێشانە هەر لە دەستی کەسایەتییە ئاینییەکانە، یان بەشێوەیەکی گشتی لەدەستی کەسانێکە پەیڕەوی لە ئاینەکەی خۆیان دەکەن.